# ژنانی ڕەش: دارشتنی تیۆریی فێمێنیستی*

## بڕگەی یەکەم

ن:بێل هووکس
و:مووڕەشین کوردستانی

فێمینیزم لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ژنانێک کە قوربانییانی سەرەکیی سێکسیزمن و ئەو ژنانەی کە ڕۆژانە لە ڕووی جەستەیی، ڕەوانی و مەعنەوییەوە ئازار دەدرێن و هێزی گۆڕینی بارودۆخی ژیانی خۆیان نییە، سەری هەڵنەداوە. ئەو ژنانە زۆرینەیەکی بێدەنگن. نیشانەی قوربانی بوونیان ئەوەیە کە بەبێ هیچ پرسیارێک، نارەزایەتی دەربڕینێک یا خود تووڕەیی‌یەکی بەکۆمەڵ، چارەنووسی ژیانی خۆیان قەبووڵ کردووە. نووسراوەکەی بێری فریدەن[١] ، ودمی ژنانە،[٢] کە ئێستاش وەک ڕێگەخۆشکەرێک بۆ بزاڤی فێمێنیستیی هاوچەرخ دەناسرێ، وا دەنوێنێ وەکو ئەوەی کە ئەو ژنانە هەر نەشبن. دەستەواژە بەناوبانگەکەی فریدەن، "کێشەیەک کە هیچ نێوێکی نییە"[٣]، زۆرجار بۆ تاوتوێی دۆخی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەکار دەبرێ کە ڕاستییەکەی ئاماژەیە بە کێشەی ژنانی خوێندەوار، بەمێرد، سپی لە چینی مام ناوەند و سەرەوەی کۆمەڵگا. ئەو ژنانەی کە لە ماڵەوە لە چنگ ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن و کڕینی شتومەک وەڕەز بوون و شتی زۆرتریان لە ژیان دەوێ. فریدەن بڕگەی یەکەمی کتێبەکەی ئاوا کۆتایی پێ دێنێت: "ئێمە چی دی ناتوانین ئەو دەنگە لەنێو ژناندا کپ بکەین کە دەڵێ: من شتێکم زۆرتر لە ماڵومنداڵ و مێردەکەم دەوێ". فریدەن ئەم "زۆرتر"ە وەک کار و کەسایەتێک بە ئێمە دەناسێنێ، کەچی باسی ئەوە ناکات کێ ئاگای لە ماڵومنداڵیان دەبێت ئەگەر ئەو ژنانەی زۆرتر وەک خۆی لە کاری ناوماڵ ڕزگاریان بێت و وەک پیاوانی سپی دەرفەتی کاری یەکسانیان بۆ بخولقێ. ئەو ژنانی غەیری سپی و ژنانی سپی هەژار نابینێت و بە خوێنەرانی ناڵێت گەلۆ کرێکاربوون، خزمەتکاربوون یا لەشفرۆشبوون، لە ژنێکی ماڵەوە[٤] سەر بە چینی دەوڵەمەند باشترە یا نا.

فریدەن گیر و گرفتەکانی خۆی و ژنانی وەک خۆی لەگەڵ کێشەی هەموو ژنانی ئەمریکا یەکسان دادەنێ و بۆ ئەو مەبەستەش سەرنجی لەسەر چینایەتی[٥]، نەژادپەرەستی[٦] و سێکسیزم[٧] دوور خستووەتەوە. فریدەن لە ناو کتێبەکەیدا زۆر بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکا، ئەو ژنانەی کە ئەو وەک قوربانییانی سێکسیزم دیتوونی، ژنانی سپیی خوێندەوار بوون کە بەزۆریی سێکسیزم لە ماڵەوە ماونەتەوە. ئەو دەڵێ:

زۆر پێویستە بزانین ژنی ماڵبوون چۆن دەتوانێ بۆشایی و هەستی هیچ نەبوون لە ژناندا ساز بکات. ژنی ماڵ بوون لایەنگەلێکی هەیە کە پاراستنی شوناسێکی ئینسانی بۆ ژنانی وریا ئەستەم دەکاتەوە. شوناسێک کە ناوەرۆکی خۆبوونە و بەبێ ئەو، مرۆڤ -چ ژن و چ پیاو- بەراستی هەست بە زیندووبوون ناکات. بۆ ژنانی توانا لە ئەمڕۆی ئەمریکادا، من بەو قەناعەتە گەیشتووم کە شتێکی مەترسیدار لە ژنی ماڵبووندا هەیە.

کێشە و پرسگەلی ژنانی سپی و دەستڕۆیشتوو کە ماڵ بەڕێوە دەبەن، شایەنی سەرنج و گۆڕان بوون، بەڵام کەڵکەڵەی سیاسیی زۆرینەی ڕەهای ژنان نەبوون. زۆربەی ژنان دڵەڕاوکێی بەڕێچوونی ئابووری، هەڵاواردنی نەژادی و ئێتنیکی و ... هتد یان هەبوو. کاتێک فریدەن "ودمی ژنانەی" نووسی یەک لە سێ ژنان لە بازاری کاردا وەک هێزی کار[٨] دەهاتنە ئەژمار. ئەگەرچی زۆربەی ژنان ئاواتەخوازی ئەوە بوون ژنی ماڵەوە

بن، لە ڕاستیدا تەنیا ئەو ژنانەی کە کات و پووڵی زۆریان بوو، دەیانتوانی شوناسی خۆیان بەپێی ئەوەی کە فریدەن وەک ودمی ژنانە باسی دەکات، داڕێژن. ئەوان ئەو ژنانە بوون کە بە گوتەی فریدەن، لە لایەن پێشکەوتووترین بیرمەندانی ئەو سەردەمەوە پێیان گوترابوو بگەڕێنەوە وەک نۆرا[٩-١٠] بژین و بە دەمارگرژییەکی ویکتۆریاییانە لە سووچی ماڵە بووکەڵەییەکانیاندا قەتیس بکرێن.
لە نووسراوەکانی پێشوویدا دەردەکەوێ کە فریدەن هەرگیز بۆی پرسیار نەبووە گەلۆ کەڵکەڵەی ژنانی سپیی زانکۆدیتوو کە لە ماڵەوە کار دەکەن دەشێت بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەریی سێکسیزم و ستەمی سێکسیستی لە کۆمەڵگای ئەمریکادا بکرێتە پێوەر. فریدەن هەروەها بۆ بەدەستهێنانی گۆشەنگایێکی بەرینتر بۆ ژیانی ژنان لە ئەمریکا، لە ئەزموونی ژیانی خۆی تێنەپەڕی. من ئەوە بۆ بێبایەخکردنی کارەکەی نالێم. نووسراوەکەی وەک باسێکی دەوڵەمەند لەمەڕ کاریگەریی هەڵاواردنی سێکسیستی سەبارەت بە گرووپێکی تایبەتیی ژنان دێتە ئەژمار. تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگەیێکی دیکەوە چاوی لێ بکەی، وەک لێکۆڵینەوەی نموونەیی[١١]نارسیسیزم[١٢]، دڵڕەقی، سانتیمانتالیزم و شاییبەخۆبوونە[١٣]. فریدەن لە برگەی "لە مرۆڤایەتی خستنی پێشکەوتووانە[١٤] دا"، بەراوردێکی سەیروسەمەرە لە نێوان ژنانی سپیی ماڵەوە و زیندانییانی ئۆردوگاکانی نازی دەکات. گۆیا دۆخی دەروونی و گۆشەگیریی ئەو ژنانە لەگەڵ بوون لە ئۆردوگاکانی نازی لێکچوونی هەیە.
فریدەن داڕێژەری سەرەکیی بیرۆکەی فێمێنیستی هاوچەرخ بوو. ڕوانگە تاک ڕەهەندییەکەی لەسەر واقعی ژنان، بوو بە تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی بزووتنەوەی فێمێنیستیی هاوچەرخ. ژنانی سپی کە ئەمڕۆ بەسەر گوتاری فێمێنیستیدا زاڵن هەر وەک فریدەن، بەدەگمەن ئەو پرسیارە لە خۆیان دەکەن گەلۆ ڕوانگەی ئەوان لەسەر دۆخی ژنان تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ئەزموونی ژیانی توێژی ژنان تەبایە. ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا وشیاریەکی زیاتر لەسەر لاگری[١٥] سێکسیستی و چینایەتی پەرەی سەندووە، بەڵام ئەوان ئاگاداری ئەوە نین کە ڕوانگەیان تا چ ئاستێک ڕەنگدانەوەی لایەنگرییەکی وەهای پێوە دیارە.
نەژادپەرەستی لە نووسراوەی فێمێنیستە سپییەکاندا[١٦] یەکجار زۆرە. بەجۆرێک کە پەرە بە سەروەریی سپییەکان دەدەن و نکۆڵی لە ئەگەری خۆ ڕێکخستنی سیاسیی ژنان بەپێی نەژاد و ئەتنیک دەکەن. چاوپۆشیی فێمینیزم لە پلەبەندیی[١٧] نەژادی و دژایەتیی ئەو پێکهاتەیە، پەیوەندیی نێوان چین و نەژادی پساندووە. کۆمەڵگای ئەمریکا لە سیاسەتی سەروەریی نەژادیی سپییەکان پێک هاتووە؛ بۆیە تەنیا بە شیکردنەوەی نەژادپەرەستی و کارکردەکەی لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدایە کە دەتوانرێت تێگەیشتنێکی تۆکمە لە پەیوەندییە چینایەتییەکان بەدەست بێت. خەباتی چینایەتی بە شێوەیێکی دانەبڕاو بە خەبات بۆ بنبڕکردنی نەژادپەرەستی بەستراوەتەوە.
ریتا می براون[١٨] لە نووسراوەیێکی[١٩]دا ئاوا ژنان هان دەدات کە لە واتای چەمکی چین بکۆڵنەوە:
واتای چین زۆر زیاترە لە پێناسە مارکسییەکەی کە پێی وایە چین بریتییە لە پەیوەندیی شێوەکانی بەرهەمهێنان. چین هەڵسوکەوت و

پێشگریمانە سەرەکییەکان سەبارەت بە ژیان دەگرێتە خۆی. ئەزموونی تۆ( کە چینە کۆمەڵایەتییەکەت دیاری دەکات) ئەو گریمانانە پشتڕاست دەکاتەوە. چین پەیوەندی بەوەوە هەیە چۆن فێری هەڵسوکەوت دەکرێیت، چاوەڕوانی چی لە خۆت و لە کەسانی چواردەورت دەکەیت، تێگەیشتنت لە داهاتوو چییە، چۆن لە کێشەکان دەگەیت و چارەسەریان دەکەیت، چۆن بیر دەکەیتەوە، هەست دەکەیت و چۆن مامەڵە دەکەیت. هەر ئەم ئاکارانەن کە ژنانی چینی مامناوەند دانی پێدا نانێن. هەرچەندە ڕەنگە پێیان خۆش بێت چین بەو واتایەی مارکس باسی لێوە دەکات قبوڵ بکەن. بەڵام ئەوە فێڵێکی زیرەکانەیە کە یارمەتییان دەدات هیچ گۆڕانکارییەک لە هەڵسوکەوتە چینایەتییەکانیاندا نەدەن. ئەم شێوە ڕەفتارانەیە کە دەبێت دانی پێدانرێت، فام بکرێت و بگۆڕدرێت.

ژنانی سپی کە بەسەر گوتاری فێمێنیستیدا زاڵن و تیۆریی فێمێنیستیان دارشتەوە، تێگەیشتنێکی زۆر کەمیان لە سەرووەریی سپییەکان وەک سیاسەتێکی نەژادی، کاریگەریی چین لەسەر دەروون و پێگەی سیاسیی خۆیان لە حکومەتێکی نەژادپەرەست، سێکسیست و سەرمایەداریدا هەیە. نەبوونی وشیارییەکی وەهایە کە بۆ نموونە دەبێتە هۆکاری ئەوەی لیا فریتز[٢٠] لە نووسراوەیێکیدا[٢١] لەسەر بزووتنەوەی هاوچەرخی ژنان بڵێت:

ڕەنجی ژنان بەهۆی ستەمی سێکسیستییەوە خاڵی هاوبەشی هەموو ژنانە، وە ئەو فۆرمە جیاوازانە لە زوڵم کە دەسەڵاتێکی زۆردار بەسەر کۆمەڵگایدا سەپاندووە، تێدەپەڕێنێت. ئازار بە شێوەیێکی چەندایەتی پێوانە و بەراورد ناکرێت. ئایا بەتاڵی و تەنبەڵیی داسەپاو بەسەر ژنێکی دەوڵەمەند، کە هەندێک جار تووشی شێتی یا خۆ کوشتنی دەکا، زۆرتر یا کەمتر جێگای سەرنجە لە ئازاری ژنێکی هەژار کە بەسەختی خۆی بە سیستەمی دەوڵەتی بەڕێوە دەبات، بەڵام کەرامەتی خۆی نەدۆڕاندووە؟ هیچ ڕێگایێک نییە کە ئەو جیاوازییانە پێوانە بکرێن. بەڵام ئەگەر ئەو دوو ژنە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پیاو/باوک سالارییەکی چینایەتییانە ڕەنجی یەکتر پێوانە بکەن، ڕەنگە بتوانن خۆیان لە کلۆڵی و زوڵملێکراوێدا هاوبەش ببیننەوە.

وتەکەی فریتز نموونەیێکی دیکەی خۆش خەیاڵییە کە بەئانقەست تارمایی دەخاتە سەر جیاوازیی کۆمەڵایەتیی نێوان ژنان کە دەربڕینی[٢٢] فێمێنیستی لێ پێک هاتووە . ئەگەرچی ئەوە ئاشکرایە زۆرینەی ژنان لە ستەمی سێکسیستی ئازار دەبینن، بەڵام ئەمە بە تەنیا پەیوەندییەکی هاوبەش لەنێوان هەموو ژناندا دروست ناکات. لە حاڵێکدا بەڵگەی زۆر هەن کە نیشان دەدەن پێناسەی چینایەتی و نەژادی جیاوازیی زۆر لە شێوازی ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتیدا ساز دەکەن کە لەو ئەزموونە هاوبەشەی ژنان کە تەنیا بەهۆی ستەمی سێکسیستییەوە دەیچێژن گرینگترە. دەبێ پێداگریی ژنانی سپیی خوێندەوار بە دەرفەتی کاری زۆرەوە لەسەر ئەوەی کە پێوەرێک بۆ ئازارکێشان نییە، بدرێتە بەر ڕەخنە. ئەوەش بزانین فریتز هەوەڵ فێمێنیستێکی سپی نییە کە ئەو قسەیە دەکات. ئەوەی ڕاستی بێ، من ئەو قسەیەم لە زاری هیچ ژنێکی هەژاری هیچ نەژادێکی دیکە نەبیستووە. ئەگەرچی من کێشەی زۆرم لەگەڵ ڕەخنەی بێنیامین باربێر[٢٣] لە بزووتنەوەی فێمێنیستی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەو

بۆچوونـــەی هاوڕام کـــە دەڵێ:
ئازاربینیـــن ئەزموونێکی گشـــتگیر و نەگۆڕ نییە کە پێوەرێکی یەکســـانی هەبێ، بەڵکو پەیوەندی لەگـــەڵ خولیا و پێداویســـتی و بارودۆخـــی مرۆڤەکان هەیە. پێویســـتە هەندێـــک پێوەری مێژوویی و سیاســـی بۆ بەکاربردنی ئەو وشـــەیە هەبێت، بۆ ئەوەی بزانیـــن کام کێشـــەی سیاســـی وەپێش بخرێت و فۆڕمە جیاوازەکانی ئازارکێشـــان ســـەرنجی شـــایەنی خۆیانی پێ بدرێت.
بنەمـای سـەرەکیی بیـری فێمێنیسـتیی مۆدێـرن جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە "هەمـوو ژنـان سـتەمیان لـێ دەکرێـت [٢٤]".
لـەم بۆچوونـەدا وا دەردەکـەوێ ژنـان دۆخی هاوبەشـیان هەیـە و فاکتۆرگەلێـک وەک چینـی کۆمەڵایەتـی، نـەژاد، بـاوەڕی ئایینی، حـەزی سێکسـی و ... هتـد هەمەڕەنگییـەک لـە ئەزموونـی مرۆیی سـاز ناکەن کـە دیاری بـکات سێکسـیزم تـا چ ڕادەیێـک دەتوانێـت لـە ژیانـی ژنانـدا عاملێکـی سـتەمکار بێـت. سێکسـیزم وەک سیسـتەمێکی باڵادەسـتی[٢٥] دامەزراوەیی دەکرێت. بەڵام هەرگیز سەداسەد چارەنووسـی هەمـوو ژنانـی ئـەو کۆمەڵگایەی دیـاری نەکـردووە. سـتەملێکران[٢٦] بـە واتـای نەبوونـی بژاردەیە[٢٧] . ئەوە سـەرەکیترین خاڵی جیاوازیـی نێـوان سـتەمکار و سـتەملێکراوە. زۆرێـک لـە ژنـان لـەو کۆمەڵگایەدا بـە هەموو کەموکوورییەکانـەوە بژاردەیـان هەیـە. کەواتە چەوسـاندنەوە[٢٨] و هـەڵاواردن[٢٩] وشـەگەلێکن کـە باشـتر وەسـفی کۆمەڵانـی ژنـان لـە ئەمریـکا دەکـەن. زۆربـەی ژنـان پەیوەسـتی خەباتـی ڕێکخراوەیـی دژی سێکسـیزم نابـن، چـون ئەگـەر وردتـر بـۆی بڕوانین سێکسـیزم بـە مانـای نەبوونـی ڕەهـای بـژاردە نییـە. ڕەنگـە ئـەو ژنانـە بزانـن کـە بە هـۆی جۆری جنسـییانەوە هەڵداواردرێن، بەڵام ئەوە لەگەڵ سـتەملێکران و نەبوونـی هیـچ بژاردەیێـک جیـاوازە. لـە سـێبەری سـەرمایەداریدا، باوک/ پیاوسـالارییەک پێـک هاتـووە کە سێکسـیزم لـە هەندێک شـوێندا لەمپەر بۆ هەڵسـوکەوتی ژنـان سـاز دەکات، بـەڵام لـە لایێکـی دیکەوە ئیـزن دەدات ژنان هەندێک سـنوور تێپەڕێنن. نەبوونـی بەربەسـتی زۆر گـەورە وادەکات ژنان ئـەو بوارانـە کـە تێیـدا دەچەوسـێنەوە یـا هەڵداوێردرێـن، پشـتگوێ بخـەن. تەنانـەت دەتوانێـت ئـەو بـاوەڕە لایـان سـاز بـکات کـە هیـچ ژنێـک سـتەمی لـێ ناکرێت.
ژنانی ســـتەملێکراو لە ئەمریـــکا هەن. هەم پەســـند و هەم پێویستیشـــە کـــە ئێمە بەرهەڵستی ئەو ســـتەمە ببینەوە و قسەی لەســـەر بکەین. کریســـتین دێلفـــی[٣٠] لە گۆتاری" بۆ فێمینیزمێکی مەتریاڵیســـتی[٣١]" ئـــەو خاڵـــەی بەجوانـــی پێـــکاوە کـــە بەکارهێنانی وشـــەی ســـتەم بۆیە گرینگە کە خەباتی فێمێنیســـتی لە چوارچێوەیێکی سیاســـیی ڕادیکال پۆلێن دەکات:
ژیانەوەی دووبارەی فێمینیزم هاوکات بوو لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی ستەم. بیردۆزی زاڵ[٣٢] لەجیاتی ستەم باس لە "دۆخی ژنانە" دەکات. ئەوە لە خوێندنەوەیەکی ماتریالیسی سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە : لەبەر سنوورداربوونی سروشت، مرۆڤ ناتوانێ گۆڕانکاری لە واقعی دەرەکیی[٣٣] دا بکات. بەپێچەوانەوە، وشەی ستەم و ستەمی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بژاردەیێک، ڕوونکرنەوەیێک و دۆخێکی سیاسیی تایبەت. کەواتە ستەم و ستەمی کۆمەڵایەتی هەر یەکن یا بە واتاییکی دیکە ستەمی کۆمەڵایەتی دووپاتکردنەوەیێکی تێدایە، چون کۆمەڵایەتیبوون بەشێکی دانەبڕاوی ستەمە.
بـــەڵام ئـــەوەی ڕاســـتی بێـــت، جەختی فێمێنیستەکان لەســـەر "ستەمی هاوبەش[٣٤]" لەم وڵاتە بە مەبەســـتی سیاســـیکردنەوەی خەباتـــی فێمێنیســـتی نەبوو. پێـــم وایە چەمکـــی ســـتەمی هاوبـــەش زۆرتـــر دەستبەســـەرداگرتنی ئەم دەستەواژە سیاسی و ڕادیکاڵـــە لـــە لایەن هەندێک لـــە ژنانی

کۆنەپارێز[٣٥] و لیبراڵ بوو بۆ ئەوەی بناغەکانی بزووتنەوەی فێمێنیستی پێ دابڕێژن و بەرژەوەندیی چینی کۆمەڵایەتی خۆیانی تێدا بەدی بکەن.

ئەگەرچی تەبایی[٣٦] و یەکدڵی[٣٧] ناوەرۆکی چەمکی "ستەمی هاوبەش" بۆ سازکردنی هاوپشتی[٣٨] بوو، بەڵام دروشمگەلێک وەک "بۆ ئەو زوڵمەی لێت دەکرێ ڕێک بخە[٣٩]" ئەو بیانووەی بۆ زۆرێک لە ژنانی خاوەن ئیمتیاز ڕەخساند کە جیاوازییەکانی پێگەی کۆمەڵایەتیی نێوان خۆیان و جەماوەری ژنان لەبەرچاو نەگرن. ئەوەی کە ژنانی سپی سەر بە چینی مامناوەند توانیان خولیاکانی خۆیان بکەن بە کەڵکەڵەی سەرەکیی بزووتنەوەی فێمێنیستی و ناوی ستەمیان لە دۆخی کۆمەڵایەتی خۆیان نا، نیشانەیێکە لە ئیمتیازاتی نەژادی و چینایەتی و هەروەها ئازادیی ڕادەربڕین لە بابەت زۆرێک لەو بەربەستانەی سێکسیزم بۆ ژنانی چینی کرێکاری ساز کردووە. ژنانی سپی توانییان ڕێتۆریکێک لە کەڵکەڵەی هاوبەش ساز بکەن کە ئەو بارودۆخەی تێیدا بوون، بە ستەمیان قەبڵاند. کێ لەو کاتەدا لەوێ بوو کە داوای گۆڕانکاری لەم دەستەواژانەدا بکات ؟ کامانە گرووپی دیکەی ژنان لە ئەمریکا دەستیان لە زانکۆکان، دەزگای ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکان دەڕۆیشت؟ ئەگەر ژنانی ڕەشی سەر بە چینی مامناوەند بزووتنەوەیەکیان ڕێک خستبا کە خۆیان وەک ستەملێکراو پێناسە کردبا، کەس بە هێندی نەدەگرتن. ئەگەر بۆ نموونە دانیشتنێکی گشتییان ساز دابا و گوتاریان لەسەر ستەم پێشکەش کردبا، لە هەموولایەکەوە ڕەخنەیان لێ دەگیرا و هێرشیان دەکرایە سەر. بەڵام هەمان شت بۆ ژنانی فێمێنیستی سپی بورژوا بەسانایی بەڕێوە دەچوو و بەردەنگێکی زۆریان بۆلای خۆیان ڕادەکێشا کە لە دوای گۆڕینی چارەنووسیان هەڵوەدا بوون. ئەو مەودایەی لەنێوان ئەوان و ژنانی سەر بە ئێتنیک و چینە جیاوازەکان ساز ببوو، دەرفەتی بۆ بەراوردکردنی گریمانەی "ئێمە ستەمی هاوبەشمان هەیە" نەدەڕەخساند. لە سەرەتاوە، بەشداربووە ڕادیکاڵەکانی بزووتنەوەی ژنان داوایان دەکرد کە ژنانی تر دزە بکەنە نێو بزاڤی فێمێنیستی و فەزایێک بۆ پەیوەندی ساز بکەن. کۆمەڵە نووسراوەیێک وەک "ئێستا سەربەستی[٤٠] "، "ئازادیی ژنان: گەڵاڵەیێک بۆ داهاتوو[٤١] "، "چین و فێمینیزم"[٤٢]، "فێمینیزمی ڕادیکاڵ"[٤٣] و "خۆشکایەتی بەهێزە"[٤٤] کە هەموویان لە سەرەتای حەفتاکان لە چاپ دراون، بابەتگەلێکیان تێدایە کە هەوڵ دەدەن بەردەنگێکی بەرفراوانتر لە ژنان بگرنە خۆ، بەردەنگێک کە تەنیا سپی، سەر بە چینی مامناوەند، زانکۆدیتوو و گەورەساڵ نەبوون (زۆربەی بابەتەکان لەسەر مێرمنداڵان نووسراون). سووکی ستامبلێر[٤٥] ئەم ڕۆحە ڕادیکاڵە لە پێشەکیی بابەتی "ئازادیی ژنان: گەڵاڵەیێک بۆ داهاتوو" ئاوا تەتەڵە دەکات:

ژنانی چالاکی نێو بزووتنەوە، بەردەوام لەو پێویستییەی مێدیا بۆ سازکردنی کەسانی بەناوبانگ و ئەستێرە وەڕەز بوون . ئەمە لە دژی فەلسەفەی بنەماییمانە. ئێمە ناتوانین پەیوەندیمان لەگەڵ کەسانێک بێت کە بە بۆنەی ناوبانگ و پرێستیژەوە خۆیان بەسەرمانەوە دەگرن. ئێمە بۆ بەرژەوەندیی تاقەژنێک یا تەنیا گرووپێک لە ژنان خەبات ناکەین. ئێمە ئەو کێشانە دەکەینە ئامانج کە کەڵکەڵەی هەموو ژنانە.

ئەم بۆچوونانە کە لەلایەن زۆربەی فێمێنیستەکان لە سەرەتای بزاڤی فێمێنیستییەوە لایەنگریان بوو، درێژەی

پێ نەدرا. هەرچی ژنانێکی زۆرتر لە ڕێگای چالاکیی فمێینیستی سەبارەت بە "یەکسانیی دۆخی کار" گەیشتنە ناوبانگ و داهات، خەباتی بەکۆمەڵ جێی خۆی بە هەلپەرستیی تاک دا. ئەو ژنانەی خۆیان وەک فێمێنیست پێناسە دەکرد کە دژی باوک/پیاوسالاری، سەرمایەداری، چینگەرایی یا نەژادپەرەستی نەبوون. چاوەڕوانیی ئەو دەستەیە جیاواز بوو. ئەو ژنانەی کە خاوەن ئیمتیاز بوون، یەکسانیی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ پیاوانی چینی خۆیان دەویست. هەندێکیان خوازیاری داهاتی یەکسان بوون و هەندێکیش ئەزمونی شێوەژیانێکی جیاوازیان دەویست. زۆرێک لەو کەڵکەڵە بەجێیانە بەسانایی لە لایەن پیاوسالاریی سەرمایەدارانەی سەردەستەوە قەپات کرابوون. فێمێنیستی فەرەنسی ئانتوانێت فووک[46] دەڵێت:

ئەو کردەوانەی لەلایەن گرووپە فێمێنیستەکانەوە پێشنیار کراون، سەرنجڕاکێش و وروژێنەرن. بەڵام وروژاندن تەنیا هەندێک لە ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان[47] دەخاتە بەرچاو و ئەوەی ڕاستی بێ دژبەیەکییە ڕادیکاڵەکان لەنێو کۆمەڵگادا ئاشکرا ناکات. فێمێنیستەکان دەڵێن ئێمە یەکسانیمان لەگەڵ پیاوان ناوێت، بەڵام ئاکاریان پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێ. فێمێنیستەکان هەندێک بوورژوای نوێخوازن کە بەها زاڵەکان دەپارێزن و ئەوەش بەستێنێک بۆ جۆرە پێکهاتەیێکی دیکە مسۆگەر ناکات. ڕیفۆرمخوازی هەموو کەسی جێ دەبێتەوە. نەزمی بوورژوایی، سەرمایەداری و فالۆسێنتریزم[48] ئامادەن کە هەرچەندە فێمێنیست پێویست بێ، وەپاڵ خۆیانی بدەن. چون ئەو ژنانە لە کۆتاییدا هەر دەبن بە پیاو، ئەوەش بە مانای زیادبوونی چەند پیاوی دیکەیە.

جیاوازیی نێوان ڕەگەزە جنسییەکان بەوە نییە کە کەسێک ئەندامی نێرینەی هەبێت، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئایا ئەو کەسە بەشێکی دانەبڕاوی ئابوورییەکی نێرینەیە یا نا.

فێمێنیستەکان لە ئەمریکا ئاگاداری ئەو ناکۆکییانە هەن. کارۆڵ ئێرلیچ[49] لە گوتارەکەی بە ناوی "گەلۆ هاوسەرگیریی ناسەرکەوتووی نێوان مارکسیزم و فێمینیزم ڕزگار دەکرێت ؟[50]" بەو شێوەیە ئاماژە بەم کێشەیە دەکات کە "وێدەچێت فێمینیزم چاوی خۆی نووقاندبێ و ڕوانگەیێکی بێمەترسی و ناشۆڕشگێڕانەی ڕەچاو کردبێت" وەک ئەوەی "ڕادیکالیزمی فێمێنیستی جێی بۆ فێمینیزمی بوورژوایی چۆڵ کردبێت" و جەخت دەکاتە سەر ئەوە کە " ئێمە نابێ بێڵێن ئەوە درێژەی پێ بدرێ":

ژنان دەبێ بزانن (و بە شێوەیێکی بەرچاو ڕێگا لە بەرزبوونەوەی ئەو هۆشیارییە دەگیرێ) کە فێمینیزم باسی ئەوە نییە کە خۆت بۆ سەرکەوتنەکان بڕازێنییەوە، یا ببی بە جێبەجێکەری کۆمپانیایێک، یا لە هەڵبژاردنێکدا ببیەوە. فێمینیزم ئەوە نییە لەگەڵ هاوسەرەکەت بەسەختی کار بکەن و دەرفەتتان بێت بچنە سەفەر و کاتێکی زۆر لەگەڵ منداڵە ژیکەڵەکانتان تێپەڕ بکەن، چون کرێکارێک کاری ماڵەوەتان بۆ دەکات. لەحاڵێکدا هەمان کرێکار کات و پارەی ئەوەی نییە بە ماڵی خۆی ڕابگات. فێمینیزم ئەوە نییە کە بانکی ژنان بکرێتەوە یا ئاخری حەوتوو لە وانەیێکی گران بەشدار بیت کە فێرت بکەن چۆن متمانەبەخۆ و پێداگر بی( نەک شەڕانگێز)، لە هەمووان زۆرتر ئەوە نییە کە ببیتە پۆلیسی نهێنی یا مەئمووری سیا یا ژەنەڕاڵی هێزی دەریایی.

بەڵام بەشێکی هەڵەی خۆمانە کە ئەو بیرۆکە

بەلاڕێداچووانە، زۆرتر لەوانەی ئێمە باسیان دەکەین، وێنای فێمینیزم دەکەن. ئێمە بە ڕادەی پێویست هەوڵمان نەداوە خوێندنەوەی بەمانا و ڕوون کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بخەینە ڕوو. هەروەها لە سازکردنی گرووپی بەردەست و چالاک کە ئەو ئەرکانە بەرێوە ببەن، کەمتەرخەم بووین.

ئەوە هەڵکەوت نییە کە خەباتی فێمێنیستی زۆر بەسانایی بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی فێمێنیستە لیبراڵ و کۆنەپارێزەکان بەلاڕێدا چووە. چون فێمینیزم لە ئەمریکا تا ئێستا بیردۆزێکی بوورژوایی بووە. زیلا ئێسێنشتەین[٥١] لە پێشەکیی بابەتەکەی بەناوی "داهاتووی ڕادیکاڵی فێمینیزمی لیبراڵ[٥٢]" ئاوا باس لە بنچینە لیبراڵەکانی فێمینیزمی ئەمریکای باکوور دەکات:

یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆڵی بیردۆزی تاکگەرایی لیبراڵ[٥٣] لە بنیاتنانی تیۆریی فێمێنیستیدایە. فێمێنیستەکانی ئێستا یان باس لە تیۆریی تاکایەتی[٥٤] ناکەن یان نائاگایانە بیردۆزی کێبەرکێکار[٥٥] و ئەتۆمیستیکی[٥٦] تاکگەرایی لیبراڵ دەگرنەبەر. لەم تیۆرییە فێمێنیستییەی ئێمە باسی دەکەین، سەرلێشێواوییەکی زۆر لەمەڕ ئەم بابەتە هەیە. تیۆریی تاکایەتی کە گرینگیی تاک لە کۆمەڵگادا بەفەرمی دەناسێ لەگەڵ بیردۆزی تاکگەرایی کە خەسڵەتی کێبەرکێی تاک بە گریمانە دەگرێت، هاوتا نین. تا ئەوکاتەش جیاوازییەکی ئاگامەند لەنێوان ئەو دوو چەمکە دروست نەبێت، شرۆڤەیێکی وامان لەبەردەست نییە کە بەڕاستی کۆمەڵگای ڕۆژاواییی ئێمە دەبێ بۆلای کام تیۆریی فێمێنیستیی ڕزگاریخوازانە بشکێتەوە.

بیردۆزی "تاکگەرایی لیبراڵی کێبەرکێکارانە و ئەتۆمیزە بوو" وەها دزەی کردووەتە ناو بیری فێمێنیستییەوە کە پۆتانسییەلە ڕادیکاڵەکانی خەباتی فێمێنیستی کاڵ کردووەتەوە. ئەوەی تا ئێستا بۆمان دەرکەوتووە ئەوەیە کە دەستبەسەرداگرتنی ژنانی بوورژوا بەسەر فێمینیزم بۆ پشتیوانی لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان، تا ئاستێکی زۆر لە لایەن تیۆریی فێمێنیستییەوە پاساوی بۆ هێندراوەتەوە (بۆ نموونە بیرۆکەی "ستەمی هاوبەش"). هەموو بزووتنەوەیێکی فێمێنیستی دەبێ لە دژی ئەو قەپات کردنە بوەستێتەوە و بە ناساندنی ڕوانگەیێکی جیاوازی فێمێنیستی دەست پێ بکات. تیۆرییەکی نوێ، نێرینێک کە لەژێر کاریگەریی بیرۆکەی تاکگەرایی لیبراڵدا نەبێت.

ئەو ژنانەی کە بەسەر گۆتاری فێمێنیستیدا زاڵن بەڕادەی پێویست وەخۆگرانە ناجووڵێنەوە و ئەوەش لە کردەوەدا بووەتە بەربەست بۆ سەرهەڵدانی تیۆریی نوێ و جیاواز. فێمینیزم هێڵی حیزبیی[٥٧] خۆی هەیە و ئەو ژنانەی کە دامەزراندنی بناغە و ستراتێژییەکی جیاواز بە پێویست دەزانن، بە گشتی بێدەنگ دەکرێن و دەخرێنە پەراوێزەوە. ڕەخنەگرتن لە بیری فێمێنیستی و پێشنیاری جێگرەوە، پێشوازی لێ ناکرێت. مشتومڕی ئەو دواییانە لەسەر بەرفراوان کردنی باسوخواسی سێکسوالیتە دەرخەری ئەم ڕاستییەیە. بە هەموو ئەوانەشەوە، ئەو ژنانەی کە هەست دەکەن لە گوتار[٥٨] و کرداری[٥٩] فێمێنیستی دەرهاوێژراون، دەتوانن شوێنێک تایبەت بە خۆیان ساز بکەن. بەڵام تەنیا بەو مەرجەی کە لە سەرەتاوە ڕەخنەگرانە هۆشیارییەک لەسەر ئەو هۆکارانە دروست بکەن کە ئەوانی لا تەریک خستووە. زۆربەی ژنانی سپی چارەسەرێکی ڕزگاریخوازانەیان لەناو بزووتنەوەی ژنان بۆ دووڕێیانە کەسییەکان[٦٠] دۆزیوەتەوە. دیارە

ئەو ژنانەی کە بزووتنەوەی فێمێنیستی لە بەرژەوەندییاندایە کەمتر حەز دەکەن ڕەخنەی لێ بگرن. بەپێچەوانەوە ئەو ژنانەی کە وادەزانن ئەم بزووتنەوەیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ژیانی خۆیان و زۆربەی ژنانی تری ناو کۆمەڵگا نییە، زۆتر گەرەکیانە پێکهاتەی بیری فێمێنیستی بخەنە بەر تاقیکردنەوەیەکی هەمەلایەنە.

بە هەمان شێوە، وێدەچێ ئەو ژنانەی کە سپی نین، بەڵام هەست دەکەن لەناو بزووتنەوەی فێمێنیستی دانیان پێدا نراوە (تەنانەت کاتێک کە گرووپێکی سەربەخۆش ساز دەکەن)، پێناسەی خۆیانیان لە هێڵی حیزبی، چ لەسەر کێشەی فێمێنیسمی ڕەش و چ لەسەر کێشەکانی تر، پێ تەنیا گوتاری ڕەوا بێت. وەکو زۆرێک لە ژنانی سپی، لەجیاتی هاندان بۆ فرەدەنگی و پەرەپێدان بە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە و دژبەیەک، هەوڵ دەدەن ئەو ناکۆکییانە کپ بکەن و دایانمرکێنن. وەک نووسەران و چالاکانی بەناوبانگی ئەو بوارانە، جۆرێک هەڵسوکەوت دەکەن وەک بڵێی ئەوان لە هەموان لێهاتووترن بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە ئایا دەبێ دەنگی ژنانی تر ببیسترێ یان نا. سوزان گریفین[٦١] لە بابەتێکدا بە ناوی "ڕێگای هەموو بیردۆزێک[٦٢]"، دژ بەو مەیلە بۆ چەقبەستوویی هوشیاری دەدات: کاتێک تیۆرییەک دەبێتە ئایدیۆلۆژی(بیردۆز)، دەست بە لەناوبردنی خۆ[٦٣] و زانستی خۆ[٦٤] دەکات. لەگەڵ ئەوەی کە لە هەستەوە سەرچاوەی گرتووە، وا خۆی دەنوێنێ کە لە سەرووی هەستەوەیە. بەم شێوەیە ئەزموونی مرۆیی بە نیسبەت لەگەڵ خۆی ڕێک دەخات. هەر بە حوکمی ئەو خۆبوونە، زانیاریشی هەیە. ئایدۆلۆژیا دەبێتە پێوەری ڕاستی. کەس ناتوانێ شتێکی نوێ بە ئایدۆلۆژیا زیاد بکات. ئەزموونەکان چی دی ئاگای ناکەنەوە، ڕایناچڵەکێنن و گۆڕانکاری بەسەردا ناهێنن. بە هەر وردەکارییەک کە لەگەڵ ڕێبازی ئەو نەگونجێ وەرەزە. ئەگەرچی وەک هاوارێک دژ بە نکۆڵیی ڕاستییەکان دەست پێ دەکات، ئێستاکە بۆخۆی حاشا لە هەر ڕاستییەک دەکات کە لە چوارچێوەی ئەودا نەگونجێ. ئەگەرچی لە سەرەتاوە خۆی وەک ڕێگایێک بۆ گەڕاندنەوەی هەستی واقعییەت بۆ مرۆڤەکان پیشان دەدات، کەچی ئێستاکە هەوڵ دەدا مرۆڤە ڕاستەقینەکان بێنێتە سەر ڕێ، کە هەبوونە سروشتییەکان بە پێی پێوەری خۆی وێنا بکاتەوە. هەر شتێک کە لە عۆدەی شیکردنەوەی نەیێت، وەک دوژمن پێناسەی دەکات. ئەگەرچی وەک تیۆریی سەربەستی دێتە گۆڕەپانەوە، لە لایەن تیۆرییە نوێیەکانی سەربەستییەوە هەست بە مەترسی دەکات و بەندیخانەیەک بۆ زەین ساز دەکات.

ئێمە بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە تیۆریی فێمێنیستی لە حاڵی دروستبووندایە و دەبێ ڕەخنەی لێ بگرین، بیبەینە ژێر پرسیار، دووبارە ئەزموونی بکەینەوە و بۆ دەرفەتە نوێیەکان بگەڕێین، لە بەرانبەر زاڵبوونی هەژمۆنیکی بیری فێمێنیستی ڕادەوەستین. ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی من لەژێر کاریگەریی پێگەی کۆمەڵایەتیم وەک ئەندامی گرووپێکی ستەملێکراو، ئەزموونی هەڵاواردەبوون و چەوساندنەوەی ڕەگەزی و لاوازیی شرۆڤەی فێمێنیستیی باو بۆ دارشتنی هۆشیاریی فێمێنیستی دروست بووە. ئەوە سەبارەت بە زۆرێک لە ژنان ڕاستە. ژنانێکی سپی هەن کە هەرگیز بەرهەڵستی زاڵبوونی پیاوانە نەدەبوونەوە تا ئەوکاتەی کە بزووتنەوەی فێمێنیستی ئەو هۆشیارییەی ساز کرد کە ئەوان دەتوانن و دەشبێ ئەو کارە بکەن. بەڵام هۆشیاریی من دەربارەی خەباتی فێمێنیستی لەژێر کاریگەریی دۆخی کۆمەڵایەتیم ساز بوو.

گەورەبوون لە خێزانێکی کرێکار، باوکسالاری، ڕەش لە ویلایەتێکی باشووری

ئەمریکا، منی لە جۆرە جیاوازەکانی ستەمی پیاوسالاری ئاگادار کردەوە (بە هەمان شێوە دایکم و خوشکەکانم و براکەشم بەر ئەم ستەمە کەوتن) و ئەوە هەموومانی توورە کرد. توورەیی بوو بە هۆکاری ئەوەی کە زاڵبوونی پیاوانە ببەمە ژێر پرسیار و ئەو توانایی‌یەی پێ بەخشیم لە بەرانبەر بەکۆمەڵایەتیبوونی سێکسیستی[٦٥] رابوەستمەوە. فێمێنیستە سپییەکان زۆر جاران وا هەڵسوکەوت دەکەن دەڵێی تا پێش ئەوەی ئەوان باسی روانگەی فێمێنیستییان نەکردبوو، ژنانی رەش نەیاندەزانی ستەمی سێکسیستی چییە. فێمێنیستە سپییەکان پێیان وایە ئەوان شرۆڤە و پلانی رزگاری دەدەن بە ژنانی رەش. ئەوان لەمە ناگەن و تەنانەت ناتوانن بیریشی لێ بکەنەوە کە ژنانی رەش و گرووپەکانی تری ژنان کە بە دایمە لە دۆخێکی سەرکوتکراودا ژیاون، لە ئەزموونی ژیانی خۆیان هۆشیارییەک لەمەڕ سیاسەتی نێرسالارانە بەدەست دەهێنن. بەهەمان شێوە پەرە بە رێگاگەلێکیش دەدەن بۆ بەرخۆدان ( تەنانەت ئەگە بە شێوازێکی رێکخراوەیی و بەردەوامیش خۆراگری نەکەن).

ئەو ژنە رەشانە دەیاندی کە فێمێنیستە سپییەکان بە جۆرێک جەخت دەکەنە سەر ستەمکاریی پیاوانە و ژێرچەپۆکەبوونی ژنان وەک ئەوەی ئیلهامێکی نوێیان پێ کرابێ. کەچی ئەوەی راستی بێ ئەم تەرکیزە کاریگەرییەکی زۆر بچووکی لەسەر ژیانی ئەو ژنانە بوو کە سپی نەبوون. بۆ ئەو ژنانە، ئەمە تەنیا نیشانەیێکی دیکەی خاوەن ئیمتیازبوونی ژنانی سپی سەر بە چینی مامناوەند و سەرێی کۆمەڵگایە کە بۆ ئەوەی ئاگادار بنەوە ستەمیان لێکراوە، پێویستیان بە تیۆرییەکە. واتاکەی ئەوەیە، ئەو کەسانەی بەراستی ستەمیان لێ دەکرێت، دەزانن چییان بەسەر دێت، هەرچەندە رەنگە بە رێکخراوەیی بەرخۆدان نەکەن یان نەتوانن سروشتی ستەمەکەیان لە فۆرمی نووسیندا شرۆڤە بکەن.

ئەم ژنە رەشانە هیچ شتێکی رزگاریخوازانەیان لە شیکارییەکانی رەهەندی حیزبی سەبارەت بە چەوساندنەوەی ژنان نەدەبینی.

ئەو راستییە کە ژنانی رەش کاری رێکخراوەیی‌یان بۆ باسی فێمینیزم نەکردوە و هەروەها ئەوەی کە ئێمە دەستراگەیشتنمان بە دەزگای دەسەڵات وا نەبووە کە یاریدەمان بدات، شرۆڤەکانمان دەربارەی جێندێر لەگەڵ جەماوەی گشتیدا هاوبەش بکەین، ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە لە ژیانماندا کێشەی لەم جۆرە هەبووە. یا خود بمانخاتە پێگەیێکی وابەستە بە ژنانی سپی و غەیری سپیی فێمێنیستەوە کە بەردەنگێکی زۆرتریان هەبووە. تێگەیشتنێک کە من لە تەمەنی سیانزدە سالان لە سیاسەتی باوک/ پیاوسالارانە هەمبوو، جۆرە چاوەروانییەکی لە مندا سەبارەت بە بزووتنەوەی فێمێنیستی دروست کرد کە بەتەواوی لەگەڵ چاوەروانییەکانی ژنانی گەنجی سەر بە چینی مامناوەند و سپی جیاواز بوو. کاتێک بۆ هەوەڵ جار لە سەرەتای حەفتاکاندا لە زانکۆی ستەنفۆرد چوومە پۆلی لێکۆڵینەوەی ژنان، ژنانی سپی لە خۆشیی ئەوەی پێکەوە بوون، شاگەشکە بوون. لایان رووداوێکی گرنگ و مێژوویی بوو. بەڵام من ژیانێکم پێ شک نەدەهات کە تێیدا ژنان پێکەوە نەبن، یارمەتیی یەکتر نەدەن، ئاگایان لە یەک نەبێ و لە قوولاییی دڵیانرا یێکیان خۆش نەوێت. هەروەها ئەو ژنە سپییانەشم نەدەناسی کە نکۆڵی لە کاریگەریی نەژادی و چینی

کۆمەڵایەتی لەسەر پێگە و هۆشیارییان ( ژنانی سپیی باشوور بە بەراورد لەگەڵ ژنانی سپیی شوێنەکانی تری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوانگەیێکی واقعبینانەنەتریان لەسەر نەژادپەرەستی و چینگەرایی هەیە) بکەن. من هەستم بە هاوسۆزی لەگەڵ ئەو هاوتەمەنە سپییانەم نەدەکرد کە پێیان وابوو ناتوانم چاوەڕێی ئەوە بکەم کە ئەوان زانیاری و تێگەیشتنیان لە ئەزموونی ژیانی ژنانی ڕەش ببێت. سەرەڕای پێشینەی ژیانی خۆم لە کۆمەڵگایێک کە لە ڕووی نەژادییەوە جیا کرابووەوە[٦٦](سپی و ڕەشەکان شوێنی ژیان و فەزای گشتییان جیاواز بوو) , زانیاریم لەبارەی ژیانی ژنانی سپییەوە هەبوو. وە ئەمەش لە حاڵێکدا بوو هیچ ژنێکی سپی لە گەڕەکەکەماندا نەژیا بوو، هاتوچۆی قوتابخانەکانمانیان نەدەکرد و لە ماڵەکانیشماندا کاریان نەدەکرد.

کاتێک لە گرووپە فێمێنیستییەکاندا بەشدار دەبووم، هەستم بەوە دەکرد کە ژنانی سپی بە بەزەییەوە لەگەڵ من و بەشداربووە غەیری سپییەکانی تر هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئەو ڕوانگە بە بەزەیییەی کە لە حەنا ژنانی ڕەش هەیانبوو، یەکێک لەو ڕێگایانە بوو کە تێمانگەیێنن بزووتنەوەی ژنان هی ئەوانە، کە ئێمە دەمانتوانی بەشدار بین، چون ئەوان ڕێگەیان پێ دەداین و تەنانەت هانیشیان دەداین. پاشی هەموو ئەوانە، پێویست بوو ئێمە بە بوونی خۆمان لەو کۆڕانە ئەم پرۆسەیە ڕەوا بکەین. ئێمەیان پێ لە ئاستی خۆیاندا نەبوو و یەکسان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەدەکردین. ئەگەرچی چاوەڕوانییان لە ئێمە هەبوو کە ئەزموونێکی دەستە ئەوەڵیان لە ڕەشبوون بخەینە بەردەست، بەڵام هەستیان دەکرد ئەوان دەشێ بڕیار لەسەر ڕەسەنایەتیی ئەو ئەزموونانە بدەن. زۆر جاران، ژنانی ڕەش لە کۆلێژەکان ( تەنانەت ئەوانەی کە سەر بە چینی کرێکار و هەژار بوون) وەک کەسانێکی لاساییکەرەوە دەبینران و دوور دەخرانەوە. بەشداریمان لە چالاکییەکاندا نەدەهاتە هەژمار، چون ژنانی سپی وا تێگەیشتبوون کە ڕەشبوونی ڕاستەقینە یانی قسەکردن بە زاراوەی پەتوا[٦٧]، نەخوێندەواربوون، گەورەبوون لە کۆڵان و کۆمەڵێک کلیشەی لەم جۆرە.

ئەگەر بە خۆمان پەرمیابایین و ڕەخنەمان لە بزووتنەوەکە گرتبا یا خود بەرپرسیارییەتییەکمان لەمەڕ دارشتنەوەی هزری فێمێنیستی و ناساندنی بیرێکی نوێ لە ئەستۆ گرتبا، ئەوە دەنگمان کپ دەکرا. تەنیا کاتێک دەنگمان دەبیسترا کە وتەکانمان دەنگدانەوەی هزریی گوتاری سەردەست بووایە. زۆر بەدەگمەن سەبارەت بە هەوڵی فێمێنیستە سپییەکان بۆ بێدەنگ کردنی ژنانی ڕەش بەرهەمێک نووسراوە. زۆربەی ئەو هەوڵانە لە ژووری کۆنفرانسەکان، پۆلەکان، یا لە دانیشتنێکی تایبەتی بوون کە ژنێکی ڕەش بەرەورووی نەژادپەرەستیی تۆخی گرووپێک لە ژنانی سپی دەبووەوە.

هەر لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ژنان دەستی پێکرد، ژنانی ڕەش تاقولۆقە بەشدارییان لەو گرووپانەدا دەکرد. بەڵام زۆربەیان لە جارێک زۆرتر بەشدارییان نەدەکردەوە. ئانیتا کۆرنواڵ[٦٨] لە بابەتی " یادداشتگەلێک لەلایەن فێمێنیستێکی ڕەشی گەی[٦٩]" بەجوانی ئەو خاڵە دەپێکێ و دەڵێت " ... زۆر بەداخەوە، وێدەچێ ترس لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەژادپەرەستی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بێ کە زۆربەی ژنانی ڕەش[٧٠] حەز ناکەن پەیوەستی بزووتنەوەی ژنان بن". تەرکیزی ئەم

دوایی‌یانە لەسەر نەژادپەرەستی گۆتارێکی پێک هێناوە، بەڵام کاریگەرییێکی زۆر بچووکی بووە لەسەر هەڵس و کەوتی ژنانی سپی لەگەڵ ژنانی ڕەش. زۆربەی کاتەکان ژنانی سپی کە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی وتارەکانیان لەسەر "لەبیرخۆبردنەوەی نەژادپەرەستی[٧١]" لە سەرەوە دەڕوانن بۆ ژنانی ڕەش و بە بەزەیی‌یەوە لەگەڵیان دەجووڵێنەوە.

ئەمەش شتێکی سەیر نییە چون زۆرجار ئاراستەی گوتارەکانیان تەنیا بۆ بەردەنگی سپییە و سەرنجیان لەسەر گۆرینی هەڵوێستە ڕەواڵەتییەکانە نەک نەژادپەرەستی لە چوارچێوەیەکی مێژوویی و سیاسیدا. ئێمە دەکەن بە ئۆبژەی گوتاری زاڵ لەسەر نەژاد. ئێمەش وەک ئۆبژە، ژێردەستە و نابەرابەر دەمێنینەوە. تەنانەت ئەگەر بەجیدی کەڵکەڵەی نەژادپەرەستییان ببێت، مێتۆدۆلۆژییان وا دەگەیێنێت کە هێشتاش نەیانتوانیوە خۆیان لەژێر کاریگەریی ڕوانینی لە سەرەوە و بیردۆزی سەروەریی سپییەکان قوتار بکەن. هەندێک لەو ژنانە خۆیان لە پێگەی ئەو دەسەڵاتدارانەدا دەبینن کە دەبێ لەنێوان ژنانی سپیی نەژادپەرەست (کە پێیان وایە بە شێوەیێکی سروشتی نەژادپەرەستییان لە خۆیاندا چارەسەر کردووە) و ژنانی ڕەشی قەڵس کە وادەزانن توانای گوتارێکی عەقڵانییان نییە، ناوبژی بکەن. بەڵێ بەدڵنیایی‌یەوە ئەگەر لەسەر ئەوە بن کە پێگەی دەسەڵاتداریی خۆیان ڕابگرن، نەژادپەرەستی، چینایەتی و نوخبەگەرایی وەک خۆی دەمێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٨١ ، لە پۆلێکی تیۆریی فێمێنیستی ناوم نووسی. لە کۆی ئەو بابەتانەی کە دەمانخوێندەوە، نووسراوەی ژنان و پیاوانی سپی و یەک پیاوی ڕەشی تێدا بوو، بەڵام هیچ کامێک لە بابەتەکان نووسراوەی ژنانی ڕەش، ئەمریکایی‌یە خۆجێییەکان، هیسپانیکەکان و ئاسیایی‌یەکان نەبوون و سەبارەت بە وانیش وانەیێک بۆ خوێندنەوە بەدی نەدەکرا. کاتێک من ڕەخنەم لەو ڕەوتە گرت، ژنانی سپی وەها بەڕوومدا هاتنەوە کە ئیتر زۆر بۆم ئەستەم بوو بەشداریی ئەو پۆلە بکەمەوە. کاتێکیش دەنگم هەڵبڕی کە مەبەستی ئەو تووڕەیی‌یە لەحاست قسەکەی من ساز کردنی جەوێکە کە لە ڕووی دەروونییەوە بەرگەی قسەکردن و بەشداری نەگرم، بەسانایی حاشایان لێ کرد و گوتیان کە تووڕە نەبوون؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە من بووم کە قەڵس بووم. دوای چەن حەفتە کە کلاسەکە کۆتایی پێ هات نامەیێکم لە خوێندکارێکی سپی بەدەست گەیشت کە دانی بە تووڕەیی‌یەکەی دانابوو و لەو شاڵاوەی بۆی هێنابووم، پەشیمان بوو. ئاوای بۆ نووسیبووم:

تۆم نەدەناسی، تۆ ڕەش بوویت. پاش ماوەیێک لە پۆلەکە سەرنجم دا دیتم من وڵامی هەر شتێک کە تۆ بیڵێی دەیدەمەوە. وە زۆربەی جارەکانیش ئەوەم تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵت دەکرد. تەنانەت جاری وابوو بەڵگەهێنانەوەکەم هەر سەبارەت بە نەژادپەرەستی نەبوو. بەڵام وا بیر دەکەمەوە کە لۆجیکی شاراوە ئەوە بوو کە ئەگەر بۆ یەک شت بیسەلمێنم تۆ هەڵەیت ، ئەوە قەت بۆ هیچ شتێکی دیکە حەق بە تۆ نابێت.

لە بەشێکی دیکەی دەقەکەدا دەڵێت:

ڕۆژێک لە پۆلەکەماندا گوتم هەندێک کەس کەمتر کەوتوونەتە داوی جیهانبینیی ئەفلاتوونەوە[٧٢]. کوتم پێم وایە ئێمە دوای پازدە ساڵ پەروەردە لەژێر کاریگەریی چینی باڵادەست ڕەنگە زۆرتر لە کەسانی دیکە کە ژیانیان تا ئەو ڕادە لە شەیتانەوە[٧٣] نزیک نەبووە، وەدوا کەوتبێتین.

هاوپۆلەکەم کە زەمانێک هاورێ و خۆشەک و هاوکارم بوو، لەو کاتەوە قسەم لەگەڵ ناکات. پێم وایە هێنانە بەرباسی ئەوەی کە رەنگە ئێمە باشترین وتەبێژ بۆ هەموو ژنان نەبین، ترسێکی خستە گیانی سەبارەت بە بڕوانامەی دوکتۆراکەی و هەستی شاییبەخۆبوونی.

زۆربەی جاران کاتێک فێمێنیستە سپییەکان بەتووڕەییەوە هێرش دەکەنە سەر ژنێکی ڕەش، خۆیان بە قوربانی دەزانن. لە گەرمەی گفتوگۆ لەگەڵ خانمە خوێندکارێکی سپی لە گرووپێکی تێکەڵی نەژادی کە من ڕێکم خستبوو، پێی گوتم کە بیستوویەتی من چۆن خەڵکم لە پۆلی تیۆریی فێمێنیستی تەفروتونا کردووە و ئەویش ترساوە کە تووشی هەمان چارەنووس بێت. پێم گوت زۆر زەحمەتە کە من بەسەر ئەواندا زاڵ بووبێتم، چوون لەوێ تەنیا کەسێک بووم ڕووی قسەم لە کۆمەڵێک بەشداربووی تووڕە و دڕ بوو. ئەوە من بووم کە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پۆلەکەم جێ هێشت نەک هیچ یەک لەوانەی کە گوایە من ئەوانم تەفروتونا کردووە.

ئەم کلیشە نەژادپەرستانەیەی کە ژنانی ڕەش بەهێز و سەروو مرۆڤن[74]، ئەفسانەیێکی کارایە لە مێشکی زۆربەی ژنانی سپی کە ڕێگایان بۆ خۆش دەکا چاو داپۆشن لەوەی کە ژنانی ڕەش لەو کۆمەڵگایەدا تا چ ئاستێک دەکرێ قوربانی بن و هەروەها ڕۆڵی خۆیان لە بەردەوامیی ئەو قوربانیبوونە پشتگوێ بخەن. لیلیان هێڵمان[75] لە ژیاننامەکەی[76] دا دەنووسێت :

هەموو ژیانم هەر کە لەدایک بووم، ژنانی ڕەش دەستووریان پێ داوم، هەم دەمویستن هەم لێشیان دڵگیر دەبووم. ئەو چەند جارەش کە لە قسەیان دەرچووم، سەرم لێشێوا بوو.

هێڵمەن مەبەستی لەو ژنە ڕەشانەیە کە خزمەتکاریان بوون و قەت لە پێگەیێکی وەک یەکدا نەبوون. تەنانەت وەک منداڵیش ئەو کاتانەی بردراوەتە ژێر پرسیار، نسحەت یا ڕێنماییش کراوە، پێگەیێکی باڵادەستی هەبووە. ئەگەر دەستوورێکیشیان دابێت بەهۆیەوە بووە کەسایەتییەکی بە دەسەڵاتی سپی لە خێزانەکەدا ڕێی پێ دەدان. هێڵمان لە جیات ئەوەی دان بە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ژنە ڕەشانەدا بنێت، ئەوان وەک خاوەن دەسەڵات پێناسە دەکات و تارمایی دەخاتە سەر سروشتی ئەو دەسەڵاتە لە پەیوەندییەکەیاندا. ژنانی سپی بە گوتنی ئەوەی کە ژنانی ڕەش خاوەن دەسەڵات و هێزێکی ئەفسانەیین، هەم خۆیان وەک قوربانییەکی بێدەسەڵات وێنا دەکەن و هەم سەرنج لەسەر تووڕەیی، دەسەڵات و خولیایان بۆ زاڵبوون بەسەر کەسانی تردا لا دەبەن (ئەگەرچی ئەم بابەتانە لە دۆخێک کە پیاوان و سپییەکان سەردەستە بن، سنووردار دەبێتەوە). ئەم لایەنە دانپێدانەنراوانەی پێگەی کۆمەڵایەتیی زۆربەی ژنانی سپی ڕێگا لە تێپەڕاندنی نەژادپەرستی دەگرێت و تێگەیشتنیان لە پێگەی گشتیی ژنان لە ئەمریکا سنووردار دەکات.

فێمێنیستە خاوەن ئیمتیازەکان تا ڕادەیێکی زۆر لە قسەکردن بۆ گرووپە جیاوازەکانی ژنان، دووان لەگەڵیان و نوێنەرایەتییان سەرکەوتوو نەبوون. چوون یا بەتەواوی لە پەیوەندیی نێوان ستەمی نەژادی، سێکسیستی و چینایەتی نەگەیشتوون یا ئەو تێکهەڵکێشە بە هێند ناگرن. شرۆڤە فێمێنیستییەکان بە هەڵاواردنی لایەنەکانی تر تەنیا جەخت دەکەنە سەر جێندەر و بناغەیێکی قایم بۆ سازکردنی تیۆریی فێمێنیستی ڕۆ نانێن. لایەنگری لە عەقڵییەتی باوک/

پیاوسالاری ڕۆژاوایی تێیاندا ڕەنگ دەداتەوە و بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە جێندەر تەنیا دیاریکەری چارەنووسی ژنانە، تارمایی دەخەنە سەر واقعی دۆخی ژنان. بە دڵنیایی‌یەوە بۆ ئەو ژنانەی ستەمی چینایەتی و نەژادی ناچێژن وا هاسانترە تەنیا تەرکیزیان لەسەر جێندەر بێت. ئەگەرچی فێمێنیستە سۆسیالیستەکان جەخت دەکەنە سەر چینی کۆمەڵایەتی و جێندەر، باسێک لە نەژاد ناهێننە گۆڕێ. تەنانەت ئەگەر بە نابەدڵی ئاماژە بە گرینگبوونی نەژاد بکەن، لە ئاکامدا لە تاوتوێکانیاندا ڕەنگ ناداتەوە.

ژنانی ڕەش گرووپێکن لەو کۆمەڵگایەدا کە لە پێگەیێکی زۆر نائاساییدان. چون ئێمە نەتەنیا بە گشتی لە پلەی خوارەوەی کار و کەسابەتداین، بەڵکو لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتیشەوە لە هەموو گرووپەکانی تر خوارترین. لە پێگەیێکی وەهادا ئێمە بەرگەی ئازاری ستەمی نەژادی، چینایەتی و سێکسیستی گرتووە. لە هەمان کاتدا ئێمە گرووپێکین کە ڕانەهاتووین بە چەوساندنەوە و زوڵم و ڕێگەمان پێ نەدراوە بەدامەزراوەیی ئەویتری خۆمان بکەینە ژێردەستە. ( منداڵانیش ئەویتری بەدامەزراوەیی[77] کراو نین. ئەگەر تەنانەت لە لایەن دایک و باوکیشیانەوە بچەوسێنەوە). ژنانی سپی و پیاوانی ڕەش دەکرێ هەم زوڵمیان لێ بکرێت و هەم زوڵمیش بکەن. پیاوانی ڕەش ڕەنگە قوربانیی نەژادپەرەستی بن، بەڵام سێکسیسزم لایان بۆ شل دەکا ببنە چەوسێنەری ژنان. ژنانی سپیش ڕەنگە قوربانیی سێکسیسزم بن، بەڵام نەژادپەرەستی ڕێگەیان پێ دەدا کە زوڵم لە خەڵکی ڕەش بکەن. هەردووکی ئەو گرووپانە سەرکردایەتیی بزووتنەوەیێکی ئازادیخوازانە دەکەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بێت و هاوکات پاڵپشتی درێژەدان بەو زوڵمەش دەبن کە بەرانبەر بە گرووپەکانی تر دەکرێ. سێکسیسزمی پیاوانی ڕەش خەباتی بۆ بنبڕکردنی نەژادپەرەستی لاواز کردووە. بە هەمان شێوە نەژادپەرەستیی ژنانی سپی خەباتی فێمێنیستی لاواز کردووە. تا ئەوکاتەی ئەو دوو گرووپە یا هەر دەستەیەکی دیکە، ئازادی بە واتای یەکسانیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوانی سپی سەر بە چینی باڵادەست دادەنێن، ئەوە بەرژەوەندیی تایبەتیان لە درێژەپێدان بە چەوساندنەوەی کەسانی تردا هەیە.

ژنانی ڕەش بەبێ هیچ ئەویترێکی بەدامەزراوەیی‌کراو کە هەڵیانباوێرن و ستەمیان لێ بکەن، زۆر جار ئەزموونگەلێکیان لە ژیانیاندا هەیە کە ڕاستەوخۆ بەرەنگاری پێکهاتە کۆمەڵایەتییە چەوسێنەرەکان و بیردۆزە هاوتەریبەکانیشی دەبنەوە. ئەو ئەزموونەی ژیانی ژنانی ڕەش ڕەنگە بتوانێ هۆشیاریی ئێمە بەرەو ئاقارێک بگۆڕێ کە نێرینمان لەو کەسانەی کە جۆرێک لە بەرتەرییان هەیە، جیاواز بکات (بەڵام لە هەر حاڵدا خزمایەتییەکیان لەناو سیستەمی هەنووکەییدا ببێت). زۆر پێویستە کە ژنانی ڕەش بۆ درێژەپێدان بە خەباتی فێمێنیستی ئەو ڕوانگە تایبەتەی کە ژیان لە پەراوێز[78] پێی داون، بەفەرمی بناسن. ئەوان پێویستە لەو دەلاقەیەوە ڕەخنە لە هەژمۆنیی سێکسیزم، چینگەرایانە و نەژادپەرەستانە بگرن و هەروەها دژەهەژمۆنی[79] وێنا بکرێن. من باوەڕم وایە ئێمە ڕۆڵێکی ناوەندیمان لە سازبوونی تیۆریی فێمێنیستی هەیە و دەتوانین ڕوانگەیێکی بەنرخ و تایبەت پێشکەش بکەین. داڕشتنی تیۆری و کرداری فێمێنیستیی ڕزگاریخوازانە،

ئەرکێکی بەکۆمەڵە کە دەبێ دابەش بکرێت. من زۆرجار ڕەخنەی توند لە لایەنەکانی ئەو بزووتنەوە فێمێنیستییەی کە تا ئێستا دەیناسین دەگرم، بەڵام ئەوە بۆ کەم بایەخکردنی خەباتی فێمێنیستی نییە، بەڵکو بۆ بەپێزکردن و بەشداربوونە لە سازکردنی بیردۆز و بزووتنەوەیێکی ڕزگاریخوازانە.

*Hooks, Bell (1984) Feminist Theory from margin to center. Chapter 1: Black Women: Shaping Feminist Theory. United states: South End Press.

## پەراوێزەکان:

1. Betty Friedan
2.The Feminine Mystique
3. The problem that has on name
4. Housewife
5. Classism
6. Racism
7. Sexism
8. Work force

٩. نۆرا کاراکتێری سەرەکی نمایشنامەی «ماڵی بووکەڵەیی» لە دەرهێنانی هێنریک ئیبسێنە کە لە ژێر زەختی پیاوسالاری و ژیانی هاوسەرگیری و لە ماڵەوە دا قەتیس کراوە.

10. Nora
11. Case study
12. narcissism
13, self-indulgence
14. Progressive Dehumanization
15. Bias
16. Whit Supremacy
17. Hierarchy
18. Rita Mae Brown
19. The Last Straw
20. Leah Fritz
21. Dreamers and Dealers
22. Expression
23. Benjamin Barber
24. All women are oppressed
25. System of domination
26. Oppression
27. choice
28. Exploitation
29. Discrimination
30. Christine Delphy
31. For a Materialist Feminism
32. Ruling Ideology
33. Exterior Reality
34. Common Oppression
35. Conservative
36. Unity
37. empathy
38. Solidarity
39 Organize around your own oppression
40. Liberation Now
41. Women’s liberation:

Feminist
70. Womyn
71. Unlearning Racism
72. Plato
73. Monster
74. Superhuman
75. Lillian Hellman
76. Pentimento
77. Institutionalized other
78. Marginality
79. Counter-hegemony

Blueprint for the Future
42. Class and Feminism
43. Radical Feminism
44. Sisterhood is Powerful
45. Sookie Stambler
46. Antoinette Fouque
47. Social contradictions
48. Phallocentrism
49. Carol Ehrlich
50. The Unhappy Marriage if Feminism and Marxism: Can It Be Saved?
51. Zillah Eisenstein
52. The Radical Future if Liberal Feminism
53. Liberal Individualism
54. Individuality
55. Competitive
56. Atomistic
57. Party line
58. Discourse
59. Praxis
60. Personal dilemma
61. Susan Griffin
62. The Way of All Ideology
63. self
64. self-knowledge
65. Sexist Socialization
66. Segregated Communities
67. Patois
68. Anita Cornwal
69. Three for the price of one: Notes from a Gay Black